# ڕەخنە و دۆگما

**وەڵام بە سەلام عەبدوڵلا**

**رزگار عومەر**
rezgar70ca@yahoo.com

لە پاش بڵاوبونەوەی وەرگێرانیکی من بۆ نووسینێکی "دالای لاما" کاک سەلام عەبدواڵله لە سایتی "کوردستان پۆست" ڕەخنەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێدا بە پشت بەستن بە کۆمەڵناسێکی ئەڵمانی "گۆڵدنەر" و بە تورەبونێکی زۆرەوە، وەکو پارێزگارێکی زۆر دڵسۆزی ئایدەلۆژی "شیوعیەت" کۆمەڵێ بابەتی جیاواز تێکەڵ دەکا.
کاک سەلام پێ ی وایە ئەوەی نوسینی دالای لاما وەرگێری بە دوای فریاد ڕەس دەگەڕێ ،بەپێ ی ئەم لێکدانەوەیە، کاتێ من یەکەم وەرگێرانی خۆم لە ساڵی 1993بۆ نوسینێکی "پاپلۆ نیرۆدا" بلاو کردەوە ئەوە منی کرد بە سەرگەردانێک کە بە فریادڕەسێکی شیوعی گەیشتم ،دواتر کە چەپکێ لە شیعرەکانی "محەمەد ماغوت' م وەرگێرا ئەوە منی کرد بە کەسێکی وجودی، دواتر کەچاوپێکەوتنێکی تەواوی لیدەرێکی ئیسلامی نزیک لە "قاعیدە"م وەرگێرا بە ناوی "سەردەمی کوشتن بڕین" ئەوە منی کردە سەرگەردانێک کە بە فریادڕەسی قاعیدە گەیشتوم، کاتێ نوسێنێکیش لەسەر کارەساتی "کاترینا" م لە ئەمریکا وەرگێڕا ئەوا خوا دەزانێ لە دیدی کاک سەلام دەبمە چی ؟!
کاک سەلام سەرەڕای بەهرەمەند بوونی لە زانینی زمانێکی گەورەی زیندووی وەکو زمانی ئەلمانی، کەچی تا ئێستاش پێم سەیرە بزوتنەوەی"ناتوندوتیژی" تێکەڵ دەکا بە ئاینی بودایی، وەکو درێژکراوێکی ئەم ئاینە دەیبینێ . جا پێ ی وایە بە باس کردنی خورافەتەکانی ئاینی بودایی، ئەوە بزوتنەوەیەش بەتاڵ دەبێتەوە، یان بە باس کردنی ئەوەی مامۆستاکەی "دالای لاما" لە تەمەنی 14 ساڵیدا نازی بووە، ئەوە قوفڵ و خەتمە ئیتر قسەکانی جێگای ئیعتیبار نین.لە کاتێکدا ئەو مامۆستایەش تا مرد نەک تەنیا ناسنامەی خۆی لەلای دالای لاما باس نەکرد بەڵکو تا کتێبەکانیشی لەسەر تیبیت کرایە فلیم لە هۆلیۆدیش هەر ئینکاری لەو ڕابردوە دەکرد.
جارێ پێش هەموو شتێک ،ئەگەر دالای لاما هەر بەو وەزعەی ئێستای خۆیەوە، لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا بوایە، تیبتیش بەشێکی داگیرکراو بوایە لە ئەمریکا، کاک سەلام وەرگێرانی دالای لاما ی زۆر لا گرنگ نەدەبوو ،ئەوەی سەلام تورە دەکا ئەوەیە کە تیبت وڵاتێکی داگیرکراوە لەلایەن وڵاتی چین و حیزبە شیوعیەکەی دالای لاما ش تا بۆی دەکرێ دەیەوێ کۆتایی بەم داگیرکردنە بێنێ ،لە نارەحەت بوونی سەلام ئەوە دیارە کە ئەمە بووە بە پروپاگەندەی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا دژ بەم بەهەشتەی حیزبی شیوعی چین لە وێندەری دروست کردووە ،جا ماشاالله لەو بەهەشتەی ئەوێ !
نووسینەکەی کاک سەلام زیاتر لە نوسینی کاربەدەستانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ئیزعاجەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەچێ ،کە سنووری نێوان ڕەخنەو خیتاب،ڕاستی و درۆ ،لە دەقێکی پڕ لە حوکم و یەقیندا وون بووە.ئەو پێ ی وایە تاقە حەقیقەتی ڕەها لای شیوعیەتە، پەنا بردن بۆ هەر خوێندنەوەیەکی تر لە دونیاو ئەو ڕێرەوانەی یارمەتیدەری گۆڕانن لە دونیا ئەوە دژایەتی کردنی شیوعیەتە، براکەم شیوعیەت ئەگەر خۆی کرێدیتی هەبێ، ئەوە بە قسەی هەزاری وەکو دالای لاما ناشیرین ناکرێ، ئەگەر کرێدیتی هەبێ بە تایبەتی لەلای هاوڵاتیانی ئەوووڵاتانەی کە خۆشیەکانی بەهەشتی ژیانیان لە ژێر سایەی ستالین و هاوشێوەکانی بینی، ئەوا خۆیان ئەوەندەی پێناچێ دەیانهێنەوە سەر حوکم .
هیچ لیدەرێکی سیاسی لە مێژوودا نیە بە لینینیشەوە هەڵگری هەندێ خاڵی لاوازی ئەزمونەکەی نەبێ ،نەک بە ویستی خۆیان بەڵکو زەمینەکانی ئەو ساتەی ئەزموونەکەیان بەرپا بوو ئەوانی کردە هەڵگری تایبەتمەندی دیاریکراو.

قبوڵی تەواو،ڕەت کرنەوەی تەواو لەلای من ڕێژەییە، بۆ هەر کەسایەتیەک لە مێژوودا تەنیا بەوە بەندە کە یارمەتیدەرو ماتریالی کامە ئەزموون و پرۆسە بوونە.دالای لاما خاڵی لاوازی زۆرە،بەڵام ئەمڕۆ ئەم کەسایەتیەکی سیاسیە خەڵک گوێ ی لێدەگرێ ،دوو خاڵ گرنگە لە ئەزموونی ئەمڕۆیدا،یەکەم تا ئێستا لە دەمی نەهاتۆتە دەرەوە کە بڵێ بزوتنەوەی ناتوندو تیژی تایبەتمەندیی ئاینی هەیە، بۆ نموونە بانگەوازی خەڵک بکا بۆ ئاین گۆڕین .دووەمیان خۆی بە لیدەری ئەم بزوتنەوەیە نازانێ و داوا لە خەڵک دەکا "مەهاتما گاندی" ی لەگەڵ"مارتن لۆثر کینگ" بکەن بە نمونە بۆ خۆیان،پرسیار ئەوەیە کاتێ کەسانێکی وا پەیدا دەبن لە مێژوودا ،چۆن دەکرێ بە سوودی مرۆڤایەتی و بەرگرتن بە شەڕەکانی ئێستاو ئایندە هەوڵ و هەلوێستەکانیان جێگیر بکەین ؟